# مەیسەم نەحاس بۆ گوڵان:

# کورد خاوەن ک

**مەیسەم نەحاس وەك یەکێك لە گۆرانیبێژەکانی لوبنان ماوەی زیاتر لە دە ساڵە بە بەردەوام گۆرانی دەڵێ، تا ئێستا چەندین بەرهەم و کلیپی بڵاوکردۆتەوە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا مەیسەم بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**




دیمانە/خەلیل بلەیی

Xalil2001@yahoo.com


*** حەز دەکەین باس لە سەرتاکانی خۆتمان بۆ بکەیت؟**

- من نزیکەی دە ساڵە لە مەیدانی گۆرانی گوتندا، یەکەم گۆرانی تایبەتی خۆم کە لە بازاڕدا بڵاوکرایەوە گۆران (جان جان حبیبی) بوو، دواتر لەگەڵ چەند کۆمپانیایەك کارم کرد لەوانەش کۆمپانیای رۆتانا، کە بەرهەمێکیان بڵاو کردەوە و تا ئێستا چەندین بەرهەمی جیاجیام هەیە و ئێستاش خۆم بۆ بەرهەمێکی دیکە ئامادە دەکەم لەگەڵ کۆمپانیای رۆتانا.

*** هونەرمەندی گۆرانی و مۆسیقا وەك هەر شتێکی دیکە پێویستی بە چەند شتێك هەیە بۆ بەردەوام، پێت وایە ئەم شتانە چین کە دەبنە مایەی بەردەوام بوونی هونەرمەند؟**

- بێگومان بەر لە هەموو شتێك پێویستی ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆی هەبێت کە پێی ناسرا بێت و سەرکەوتوو بێت لە بواری هونەری، هەروەها دەبێ خاوەن کاریزمای و ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەبێت، لەوانەش گرنگتر پێویستە خاوەن دەنگێکی خۆش بێت، چونکە هەر کەسێك لە بواری هونەردا کار بکات و خاوەن دەنگی خۆش نەبێت ناتوانێت بەردەوام بێت، من ماوەی دە ساڵە زیاتر لە بواری هونەردا بوونم هەیە و پێموایە کاتێکی زۆر نییە، چونکە مرۆڤ هەمیشە لە پەرەپێدان و پەیداکردنی زانیاری و شارەزایی و پێگەیشتنی زیاترە بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی خۆی دەزانی چی بکات باشە بۆ پەرەپێدانی دەنگ و بەهرە و تواناکانی، بە بۆچوونی من ئەمە کۆڵەگەی هونەرە.

*** هونەرمەندان بە گشتی و ( تۆش یەکێکی لەوانە) بە گرفتی جیاجیادا تێپەڕدەبن وەك شووکردن و پروپاگەندە و تەڵاقدان و گرفتی دیکەی لەمجۆرە، ئەم کێشانە چ کاریگەرییەکیان دەبێت لەسەر کاروانی کچە هونەرمەندەکان؟**

- بەڵێ ئەمانە کاریگەرییان لەسەر هونەرمەند هەیە وەکو مرۆڤێك، ئەم هەڵکشان و داکشانانە لە رووی دەروونییەوە کاریگەری دەبێت، لە هەمان کاتدا کارتێکردنی بە سەر کارە هونەرییەکانییەوە دیارە، چونکە زیاتر خەریکی چارەسەر کردنی ئەو گرفتانە دەبێت و ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت هونەرەکەی پشتگوێ دەخات، بەڵام هەرچۆنێك بێت دوای ماوەیەك دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی پێشتری و خۆی لەگەڵ گرفتەکاندا دەگونجێنێت کە ئەمەش سروشتی مرۆڤە، من خۆم تووشی ئەو بارودۆخە هاتوومەتەوە و زۆر بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا واز لە گۆرانی گوتن بهێنم یان



# ـــــولتووريكى دەوڵەمەندە

بەردەوام بم، بـــەڵام دوای ماوەیەك لە یەكلایی كردنەوەی كێشـــەكان توانیم لـــە جاران بەهێزتر بگەڕێمـــەوە و كاری جوانتر پێشـــكەش بكەم، بۆیە دەڵێم هونەرمەندیش وەك مرۆڤێكی ئاسایی ئەم گرفتانـــە كاری تێدەكەن، بەلام چۆنیەتی گەڕانـــەوە و زاڵ بـــوون بەســـەر گرفتـــەكان دەمینێتەوە سەر ئیرادە و توانای ئەو كەسە.

*** بـــەڕای تۆ ئایـــا هونەرمەندی پیاو یان ئافرەت زیاتر بەرپرســـیاریەتی ژیان هەڵدەگرن بەتایبەتی بەرامبەر بە منداڵەكانی؟**

- ئافرەت(دایك) بە شـــێوەیەكی گشـــتی نـــەك تەنیا هونەرمەند زیاتر لـــە پیاو (باوك) بەرپرســـیاریەتی منداڵەكان هەڵدەگرێت و زیاتر لەگەڵیاندایـــە و كاتێكـــی زۆری خۆیـــان بۆ تەرخانـــی بەتایبەتی لە كارە بچووكەكان، باوك زیاتـــر حەزی لە كاركردنە نەوەك لە ماڵەوە بێت و ناتوانێت هەموو یان بەشێكی زۆری كاتی بۆ منداڵەكان تەرخان بكات، هەروەها ئاشكرایە كە ئافرەت زیاتر خاوەن ســـۆز و خۆشەویستییە بۆ دەورووبەری خۆی.

*** نەك تەنیا لە لوبنان بەڵكو لای خۆشمان لە كوردســـتان ڕەنگە ئـــەو دیاردەیە هەبێت كە هونەرمەندان هەوڵ بدەن دژی یەكتر بووەســـتن و هەوڵی شـــكاندنی یەكتر بدەن بە بێ هۆكار یاخود ركابەرێتی ڕاست و دروست نەماوە لەنێوان هونەرمەنـــدان، پێتوایە هـــۆكاری ئەم دیاردەیە چی بێت؟**

-بەڕای مـــن هەر هونـــەر و هونەرمەندێك ئەگەر زۆر تیشـــكی بخرێتە ســـەر ئەوا دەبێتە مایەی ئەوە كەســـانێك هەن دژی دەوەستنەوە و نایانەوێ بەردەوام بێت بەجیددیش هەوڵی شكاندن دەدەن جا بە هەر شێوەیەك بێت، من خۆم تووشی ئەو بارودۆخـــە هاتوومەتەوە، چونكە جارێكیان باســـیان لەوە كردبوو كە من بە نیاز بووم خۆم بكوژم ئەمەش هەمووی دوور بوو لە ڕاستی و نازانم ئەو كەسەی ئەم پروپاگەندی بڵاوكردبۆوە چ مەبەســـتێكی هەبووە، بەڵام جاری وا هەیە هەندێك لە هونەرمەندانیش هەوڵ دەدەن باسیان بكـــرێ تەنانەت پروپاگەندەش بـــڵاو دەكەنەوە ئەگەر خراپیش تەنیا بۆ ئەوەی باســـیان بكرێت لـــە دەزگاكانی ڕاگەیانـــدن و خەڵك لە خۆیان كۆ دەكەنـــەوە بەمەش زیاتـــر ناوبانگ پەیدا دەكەن وئەمەش بە جۆرە ســـەركەوتنێك دادەنێن بۆ خۆیان.

*** بـــەڵام هەندێك كەســـی دیكـــەش هەن دەڵێن زۆر لـــە ئافرەتە گۆرانیبێژەكان لە ڕووی هونەرییەوە هیچیان پێ نییە بەڵكو تەنیا پشت بە شێوە و ڕوخسار و خۆ ڕووت كردنەوە دەبەستن بۆ سەركەوتن تۆ دەڵێی چی بۆ ئەوانە؟**

- بەڵێ ئەوەش ڕاســـتە زۆر هەن لە ئافرەتە گۆرانیبێژەكان زۆر پشت بە دەنگیان نابەستن بە قەد ئەوەی پشت بە جوانی و ڕوخسار دەبەستن، بەڵام لە كۆتاییدا دەنگە ڕەسەنەكان و هونەرمەندە ڕاســـتەقینەكان ئەوانەی بەهـــرەی هونەری و توانای پێشكەشـــكردنی خزمەتیـــان هەیە بۆ جەماوەر بە دیار دەكەون، كە كێن و كێن ئەوانەی تەنیا خۆیان نمایش دەكەن، بەڵام ئەوەشـــت بیر نەچێـــت ماوەی چـــوار تا پێنج ســـاڵ دەبێت دەنگ بە تەنیا گرنگ نییە بۆ ســـەركەوتنی هونەرمەند بەڵكو پێویستی بە دەنگ و ڕەنگ هەیە واتە ڕووخســـاریش ڕۆڵی دەبێت، ئەمەش دیسان دەمینێتەوە ســـەر ئەو كەسەی گۆرانی دەڵێ و هەر كەســـێكیش ئازادە، ئەوەی بیەوێ دوارۆژێكی هونەری باشـــی هەبێت پشـــت بە دەنگ و توانا هونەرییەكانی خۆی دەبەســـتێت و ئەوەی بیر لـــە دوارۆژ ناكاتەوە و تەنیا بۆ كات بەســـەر بردن گۆرانی دەڵێن، ئەوانە زۆر گرنگ بە توانا و ئاستی هونەرییان نادەن.

*** تۆ زیاتر پشت بە چی دەبەستی؟**

- ســـوپاس بۆ خوا من هەر لە ســـەرەتاوە پشـــتم بە دەنگی خۆم بەستووە و كلیپەكانیشم بە شـــێوەیەكی وا پێشـــكەش كردووە كە من بە ســـەركەوتوویان دادەنێم و وەكو گوتم ئێستا سەردەمی دەنگ و ڕەنگە و پێویستە ئافرەت كە گۆرانی دەڵێ بە شێوەیەكی جوان دەربكەوێت، بەڵام ئەوەی بە لای منەوە گرنگ بوو زیاتر لایەنی هونـــەری و دەنگ بووە نك هیچی تر.

*** كەواتە تۆ پێت وایە دەنگخۆشـــی تەنیا هۆكاری سەركەوتن نییە بەتایبەتی بۆ ئافرەتە گۆرانیبێژەكان؟**

- بەڵێ پێویستی بە دەنگ و ڕەنگ هەیە بەڵام ئەمەش دەمینێتەوە ســـەر ئەو گۆرانیبێژە كە بزانێت چۆن و بە چ شێوازێك دەربكەوێت ئەمە وەك پاســـپۆرتێك دەبێت بۆ ئەو ئافرەتە بۆ چوونە ناو جیهانی هونەری.



*** گوێبیســـتی ئەوە بووین كە تۆ بە نیازی لەگەڵ هونەرمەند مەروان خوری بەشداری لە كارێكی هونەریدا بكەن، ئەو هاوكارییەی نێوان تۆ و مەروان چۆن دروستبوو؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت من دەمێكە حەزم دەكرد لەگـــەڵ هونەرمەند مـــەروان خوریدا كارێكی هاوبەش بكەم و شتێكی لێ وەربگرم، بەڵام ئەوەم بۆ ڕێك نەدەكەوت ئێستا ئەو دەرفەتە دروستبووە و گۆرانییەكی زۆر خۆشـــیم هەڵبژارد ئەویش پێشكەش كردووەم بە ســـتایلێكی تایبەت بۆیە هیوای ســـەركەوتن بۆ خۆم و مەروان دەخوازم لەم كارەدا بۆ ئەوەی بەرهەمێكی هاوبەشـــی خـــۆش پێشـــكەش بە



جەماوەر بکەین.

*** هـەر مرۆڤێـك رووبەرووی گرفتی جیا جیا دەبێتەوە لە ژیانیدا، تۆ لـە ژیانی خۆتدا چۆن سـوودت لەو گرفتانە وەرگرتووە کـە دووچـارت بوونەتەوە؟**

- شـتێکی گرنگ هەیە لە ژیـان بۆ هەر مرۆڤێك پێویسـتە ئەویش ئـەوەی کە نا بێ



بڕوای بە هەموو کەسـێك هەبێـت بەتایبەتی ئەوانـەی بەرژەوەندی تایبەتیـان لەگەڵ تۆدا هەبێت، بۆیە من بڕوام زیاتر بە خزم وکەسـوکارە نزیکەکانی خۆم هەیە، گرنگترین شـت کە من سـوودم لێ وەرگرتبێت لەو گرفتانەی دووچارم بوونەتەوە ئارام گرتنە بۆ هەر کەسێك کە بیەوێ سـەرکەوتوو بێـت و بگات بـە ئامانجەکانی، هەروەها فێری ئەوە بووم کە هەر کەسـێك پشت بە خوای مەزن ببەستێت ئەوا سەختترین کارەکان لەبەردەمی ئاسـان دەبن و دەتوانێت بەسەریاندا زاڵ بێت.

*** لەنێـوان دایکایەتـی و هونـەر کامیان هەڵدەبژێری؟**

-من دەتوان هەردووکیـان بەیەکەوە بکەم وتا ئێستا لە هەردووکیاندا سەرکەوتوو بووم، چونکە مرۆڤ کاتی بۆ هەموو شتێك هەیە، وەك کات بۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانی، بە هەمان شێوە کات هەیـە بۆ خێزان و منداڵیش، چونکە ئەوان هەمیشە پێویستییان بە تۆ هەیە.

*** زانیومانـە ئـەو منداڵـەی لـە کلیپی (مهچوم)دا بەشداریت لەگەڵدا دەکات کوڕتە؟**

بەڵێ ئەمە راستە.

*** بۆچی بەشداریت پێکرد لە کلیپەکەدا و ئایا چ کاریگەری هەبوو لە سەرکەوتنی کلیپەکەدا؟**

- بێگومـان کاریگەری هەبـووە، چونکە لە کۆتاییـدا وێنەیەك نیشـان دەدرێ کە لە دڵەوە هەڵقوڵاوە کە زۆر راسـتی و ویژدانی تێدایە و لە خەڵکی دیکەدا ئەمە بەدی ناکرێت، کوڕەکەم خزمەتێکی زۆری پێشـکەش کـردم لە هەمان کاتدا پێشکەش بە خۆیشـی کرد و هەستی بە بەرپرسیاریەتی کرد کە لەگەڵ دایکیدا بەشداری لە کارەکەیدا دەکات ئەمەش کاریگەری لەسـەر ئەویش هەبـوو و خەڵکیش هەسـتی کرد ئەو خۆشەویستی و سۆزەی نیشانی دەدا راستەقینەیە لە هەمان کاتدا تێڕوانینی دایکیش بۆ کوڕەکەی راستەقینە بوو.

*** جگە لە ناوبانگ و دەرکەوتن چیت دەوێ لە ژیان؟**

- سـەقامگیریم دەوێ لە ژیاندا، من ماوەی ساڵێك دەبێت دەستگیرانم هەیە و لە خوا داواکارم بە خۆشـی کۆتایی بێت و لە ژیانی خێزانیمدا بحەسێمەوە دوور لە گرفت و ناخۆشی.

*** زیاتر حەزت لە چ رەنگێکی گۆرانییە؟**

- زۆر حەزم لە گۆرانی فۆلکلۆر و میللییە، لە رەنگی ئاسـاییش زۆر دڵم بە رەنگی سـپی دەکرێتەوە.

*** ئەی لەگەڵ وەرزش و تۆپی پێ چۆنی؟**

- ئەوەی راسـتی بێت زۆر سەیری تۆپی پێ ناکەم.

*** بۆچی؟**

- لەسـەر بینینی رانەهاتـووم هەندێك جار ئەگەر باوکم و برام سەیری بکەم منیش سەیری دەکەم، بەڵام بە گشـتی نەخێـر من هاندەری تۆپی پێ نیم.

*** ئایا بەشـداریت لـە کاری خێرخوازیدا کردووە؟**

- بەڵێ بەشداریم لەچەندین کاری خێرخوازیدا کـردووە کە رەنگە هەموو لایەك ئاگادار نەبێت لە دەرەوە و ناوەوەی لوبنان و ئەوەی لە توانامدا هەبێت کردوومە.

*** بیرت لە نواندن نەکردۆتەوە؟**

- بیـرم لـێ کردۆتەوە، بـەڵام هەنگاوی پراکتیکی و جددیم نەهاوێشـتووە و پێم باشتر بووە تەنیا لە بواری گۆرانیدا کار بکەم، چونکە نوانـدن کاتێکی زۆرت لێدەبات و رەنگە نەتوانم لە هەردوو بواردا سەرکەوتوو بم بۆیە یەك لایەن بگرم باشترە.

*** مەیسەم زۆر لە چ شتێك دەترسی؟**

- زۆر لە نەخۆشـی دەترسم، و هەر کاتێك نەخۆش دەکەوم زۆر تووڕە دەبم و حەز ناکەم کەس قسەم لەگەڵدا بکات.

*** حەز دەکەن بە راشـکاوی پێمان بڵێی چ زانیارییەکـت هەیە دەربـارەی گەلی کورد و هونەری کوردی؟**

- بـە راسـتی گوێم لێ بـووە کە گەلی کـورد خاوەن فەرهەنگ و کلتوورێکی گرنگ و دەوڵەمەنـدە، هیـوادارم زانیـاری زیاتـرم هەبێت دەربارەیـان، بەڵام بێگومان گەڵ کورد خاوەن هەسـتێکی هونـەری زۆرە و هونەریان خۆشدەوێت.

*** ئەگـەر ئاوازێکی کـوردی بە دڵت بوو ئامادەی سوودی لێ وەربگری؟**

- بێگومـان ئەگەر شـتێکی وا هەبێت و لەگەڵ دەنگ و سـتایلی من بگونجێت هەوڵ دەدەم سوودی لێ وەربگرم.

*** هونەرمەندی کورد چۆن دەتوانێت لەسەر ئاستی نیشتیمانی عەرەبی ناوبانگ دەربکەن؟**

- ئێستا سەردەمی تەکنۆلۆژیایە بۆیە پێویست پشت ببەسـتن بە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی کە دەگەنە هەموو کەس و شـوێنێك بەو شـێوەیە دەتوانن هونەرەکەیان لە نیشـتیمانی عەرەبیدا بڵاوبکەنەوە.

*** دوا پەیڤـت چییـە بـۆ خوێنەرانـی گۆڤارەکەمان؟**

-پەنـا بە خوا لە نزیکـەوە چاومان بە یەك دەکەوێت و خۆشـترین گۆرانییەکانی خۆمیان پێشـکەش دەکـەم و هیـوای سـەرکەوتنی بەردەوامیان بۆ دەخوازم لە ژیانیاندا.

**جاری وا هەیە هەندێک لە هونەرمەنداینش هەوڵ دەدەن باسیان بکرێ تەنانەت پروپاگەندەش بڵاو دەکەنەوە ئەگەر خراپیش تەنیا بۆ ئەوەی باسیان بکرێت**

## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# "ئاسمان گۆشتی لێ ئەبارێ" پلەی یەکەم بەرنادات و "دایکە دووەمینەکان" لە پلەی دووەمدا

هەر جارەو یەکەمی تۆپ ١٠ی فیلمەکانی ئەمەریکا باس دەکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی فیلمی "Cloudy With a Chance of Meatballs" توانی بۆ جاری دووەم لەسەر یەك پلەی یەکەم بەدەست بێنێت، و هەفتەی پێشوش باسمان لێوە کردووە، هەوڵدەدین کەمێك تیشك بخەینە سەر فیلمی دووەم بەناوی "Surrogates".

فیلمی جێگرەوەی دایکەکان یاخود دایکە دووەمینەکان "Surrogates" کە بەکۆکردنەوەی نزیکەی ١٥ملیۆن دۆلار دووەم بووە، باس لەبابەتێکی زۆر گرنگ دەکات، ئەویش (بەپێی خەیاڵی ئەم فیلم نوسە) کاتێك ژیان هەمووی دەبێتە تەکنەلۆژیا، ئیتر مرۆڤەکان هەرکەس بۆخۆی بەهۆی تەکنەلۆژیای سەردەمەوە دەتوانێت ژیانی خۆی بەرێوە بەرێت، بەبێ پێویست بوون بەکەسانێکی تر، تەنانەت لەماڵیش ناچێتە دەر هەرپیشەیەکیشی هەبێت لەرێگەی ئینتەرنێتەوە دەچێتە سەر دەوامی خۆی، ئیتر وای لێ دێت رۆبۆرتێك لەشێوەی مرۆڤ دروست دەکەن لەجیاتی دایك، چونکە هەردەم مرۆڤ لەپێویستییەکانی دایکی ناکەوێت.

پاڵەوانی ئەم فیلمە کەپۆلیسە، بەخۆیدا دێتەوە، و لەماڵ دەچێتە دەر، بۆیە هەوڵدەدات کەمێك لەو ژیانە ئاساییەی جاران بگەرێنێتەوە، ئەمەش بەکوشتنی هەموو ئەو مرۆڤە دروستکراوانەی لەدەورو پشتێتی.

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی "جۆناسان مۆستۆ"یە، و ئەکتەری بەناوبانگی ئەکشن "بروس وایلز" پاڵەوانێتی گێراوە، "رادها میشێل، رۆزامۆند بایك، جیمس کرومێل، جاك نۆزۆرسی" و چەند ئەکتەرێکی تر رۆڵیان تیاگێراوە.

***ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:***

1- Cloudy With a Chance of Meatballs) ٢٥،٠٣٨) ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ٦٠،٤٧٤ ملیۆن دۆلار بە ٢ هەفتە.



2- Surrogates) ١٤،٩٠٢) ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ١٤،٩٠٢ ملیۆن دۆلار بەیەك هەفتە.

3- fame) ١٠،٠١١) ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ١٠،٠١١ ملیۆن دۆلار بەیەك هەفتە.



4- The Informant!) ٦،٦٢٤) ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ٢٠،٧٠٠ؤملیۆن دۆلار بە ٢ هەفتە.

5- I Can Do Bad All By Myself) ٤،٧٥٩) ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ٤٤،٥٥٢ ملیۆن دۆلار بە٣ هەفتە.

6- Pandorum) ٤،٤٢٤) ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ٤،٤٢٤ ملیون دۆلار، بەیەك هەفتە.





7- Love Happens) ٤،٣٠٧) ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ١٤،٧-٨ ملیۆن دۆلار، بە٢ هەفتە.


8- Jennifer's Body) ٣،٦٦٤) ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ١٢،٤٧٠ ملیۆن دۆلار بە٢ هەفتە.

9- (٩) ٢،٩٥٩ ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ٢٧،٢٢٧ ملیۆن دۆلار، بە٣ هەفتە.

10- Inglourious Basterds)) ٢،٦٨٣ ملیۆن دۆلار، کۆی داهات ١١٤،٤٢٠ ملیۆن دۆلار، بە ٦ هەفتە.



ـونەری

ئا: عەبدوڵلا چنگیانی



## هونەرمەند

## بەرهەم حەسەن بۆ گوڵان:

# تیپی مۆسیقای سلێمانی تیپێکی نموونەیی بوو

*** سەرەتا دەمانەوێت کورتەیەك لە ژیانی خۆتمان بۆ باس بکەیت؟**


خۆشـــحاڵم بەوەی لە خزمەت گۆڤـــاری گوڵانم و وەڵامی پرســـیارەکانتان دەدەمـــەوە من ڕێـــزی ماندوو بوونتان دەگرم من لە ســـاڵی **١٩٦٤** لە گەرەکی دەرگەزینی شـــاری ســـلێمانی لە دایك بووم، هەر لە سەرەتاوە حەزم بە گۆرانی گوتن کردووە کاتی خۆی باوکم قەوانێکی هەبوو لە ماڵەوە گوێبیستی گورانییە رەســـەنەکانی حەسەن زیرەك و عەلی مەردان و حەمە سالح دیلانی دەبوو من بەو گورانیانەوە عەشقی هونەر و گۆرانی کوردی بووم، هەروەها لە ناو خێزانەکەشمدا چەنـــد هونەرمەندێکی دیکە هەبوون کە لە بواری مۆســـیقا و گۆرانی کوردیدا دەرکەوتن ئەوەش هۆکاری زیاتر بوو بۆ ئەوەی من حەزو خولیام زیاتربێت بۆ هونەر و ئەو حەزەم زیاتر پەرە بستێنێت، من کاتێ کە منداڵ بووم لە قوتابخانە گۆرانیە کۆنەکانی هونەرمەندە رەســـەنەکانم دەوتەوە سەرەتایی ئاوێتە بوونی من بە دنیای گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٧٨ و **١٩٧٩** ئەوە بوو ئەو کاتە مامۆستا سەڵاح رەئووف خولێکی مۆسیقای کردەوە لە قوتابخانەی مەحوی و پیرەمێـــرد لەوێ ئێمە کە چەند برادەرێك بوویـــن وەك زانای مەحمود هەژار و سەباحی سەنتور و کاك هێرشی عومەر رەزا بەشداری ئەو خولەمان کرد.

*** بێگومـــان لە گۆمەڵگای کوردەواریدا دیـــد و تێڕوانینی خەڵك بۆ هونەر جیاواز بووە، ئەو کاتە خەڵك هەستی بەرامبەر بە هونەر چۆن بوو؟**

خێزانی ئێمە ئەو کاتە بە گەورەییەوە بۆ هونەر دەیانڕوانی زۆر هاندرەو بوون بۆ ئەوەی من لە خزمەتی هونەری کوردیدا کار بکەم، بەڵام خەڵکی حەزی بەوە نە دەکرد کە منداڵەکەی بڕوات گۆرانی بلێت یان مۆسیقا بخوێنێت، چونکە وایان هەست دەکرد ئەوەی خەریکی هونەر بێت ئەوا داهاتووی لە دەست دەدات، بەڵام دواتـــر کەوا هەندێك تیپی مۆســـیقا دەرکەوتن ئیدی هێواش هێواش تێروانینی خەڵك و ئاراستەی بیر کردنەوەیان بۆ مۆسیقا گۆڕا.

*** ئێوە تا چەند لە تیپی مۆسیقای سلێمانییەوە نزیك بوون؟**

من خۆم ئەو کاتە لە تیپی مۆســـیقای ســـلێمانی کارم دەکرد، بۆیە ئێمە




دیمانە: سۆران مارف کەریم

Soran_marf1980@yahoo.com

ئەندامەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانیمان وەك مامۆستای خۆمان دەزانی.

*** هەندێك لە هونەرمەندانی لاو ئەو کاتە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی نەبوو، لەکاتێکدا ئەو لاوە هونەرمەندانە ڕۆڵێکی باش و جەماوەر و بیسەرێکی زۆریان هەبوو تۆ چوون لەم پەیوەندییە لاوازە ئەڕوانی؟**

- بەڵێ منیش ئەو تێبینییەم هەبوو،ئەو کاتە زۆرم پێ سەیر بوو هەندێك خەڵك لە دەرەوەی تیپی مۆسیقای دەیانویست تەنها کار بۆ خۆیان بکەن، تەنیا دەیانویست ناوی خۆیان دەربکەوێت ئەو کاتەش تیپی مۆسیقای سلێمانی چاوێکی زۆری ڕژێمی لەسەر بوو، بۆیە هەندێك جار بە بیانەوی ئەوەی کەوا تیپی مۆسیقای سلێمانی ناتوانێت کار بکات کاری بۆ ئەندامەکانی خۆشی نەدەکرد، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەم تیپە بەشداری بۆنەکانی حزبی بەعسی ڕوخاوی نەدەکرد زۆر خۆی لەوە دەپاراست کەوا بەشداری بۆنەکانی حزبی بەعس بکات، هەروەها ئەو کاتەی تیپی مۆسیقای سلێمانی ناوێکی باشی هەبوو کۆمەڵێك تیپی بچووك بچوك هەبوو کە هونەرمەندان کەمال محەمەد و کاروان عوسمان سالار سەلمان و سالار مەحمود کاریان تیا دەکرد، منیش خۆم لەو تیپە بچووك بچوکانەشدا کارم کردووە، بەڵام زۆر ئاشکرا نەبوو بۆچی پەیوەندی تیپی مۆسیقای سلێمانی و ئەم تیپە بچووك بچوکانە بۆ کز بوو.

*** پێت وانییە ئەو کاتە جگە لە تیپی موزیکی سلێمانی پێویست بوو چەند تیپێکی تری موزیك هەبن لە سلێمانی بۆ خزمەت کردنی هونەری کوردی بەرەو پێش بردنی؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کەوا لە سالانی هەشتاکاندا تیپی مۆسیقای سلێمانی ناوێکی گەورەو باشیان هەبوو لە پانتایی هونەری کوردیدا و کارێکی زۆر باشیان پێشکەش کردووە، تیپی مۆسیقای سلێمانی تیپێکی نموونەیی بوو لە عێراقدا، لە هەموو عێراق خەڵکی گوێبیستی بەرهەمەکانی ئەم تیپە دەبوون، من زۆر جار لە بەغدا و بەسرە گوێم لە بەرهەمەکانی ئەم تیپە بووە لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی ئەم تیپە لە ئاستێکی زۆر باشدا بوون، نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە هەبوونی چەند گروپێکی تریش خۆیی بۆ خۆیی پێویست و گرنگی خۆی هەبوو.

*** ئێستا ڕۆڵ و ئاستی تیپی مۆسیقای سلێمانی چۆن دەبینیت؟**

- بەهۆی ئەوەی ئەو ئەندامە کۆنانەی تیپی مۆسیقای سلێمانی زۆربەیان چوونەتە تەمەنەوە و هەندێکیان چوونەتە دەرەوەی وڵات ئێستا بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی ئەو تام وچێژەی جارانی نەماوە.

*** کاك بەرهەم ئێوە یەکەم بەرهەمتان کەی**

***ئەگەر لاپەڕەکانی هونەری کوردی هەڵ بدەینە ژمارەیەکی بێ ئەندازەی هونەرمەندانمان دێتەوە یاد کە لە سەرەتاوە توانیویانە خزمەتێك بە ڕەوتی هونەری کوردی بکەن، جا بەهەر شێوەیەك و لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی ئەم میللەتە بێت هونەرمەند بەرهەم حەسەنیش یەکێکە لەوانەی لە سەردەمێکی زووەوە خزمەتی بە هونەری کوردی کردووە، هەرچەندە زەمەنێکە بە سیما لێمان دوورە، بەڵام هەمیشە بە دەنگ و ئەدا ڕەسەنەی لە زاکیرەماندا ماوەتەوە ئەو کەهات پەیامێکی تیرو هونەرێکی بێخەوشی بۆمان هێنا بەرهەم حەسەن ئەو دەنگەی سالانی هەشتاکان خزمەت گەڵێکی زۆری بە هونەری کوردی کرد و توانی تا ئەمڕۆش لە وجودی ئێمەدا بوونی هەبێت دوای ١٤ ساڵ غەریبی و دووره وولاتی ئێستا بەسەردانێك لە کوردستانە، بۆیە ئێمەش بە چاکمان زانی ئەم دیدارە هونەرییەی لەگەڵدا ساز بکەین.***

**تۆمار کرد و ناوی بەرهەمەکە چی بوو؟**

- من یەکەم بەرهەمم لە ساڵی ١٩٨٣ لە تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کرد ناوی بەرهەمەکە (موبارەك بێت) بوو یەکەم جار کە من چوومە ئەوێ و ئەو گۆرانییەم گوت بڕوایان نەبوو کەوا ئەو دەنگە منم وایان دەزانی خاڵە حەمەم (حەمە جەزا)یە هەتا دانیشتم گۆرانییەکەم بۆ ووتن ئەو کاتە بڕوایان کرد.

*** هەست دەکرێت کاریگەری زۆری دەنگی مامۆستا حەمە جەزا لەسەر بەرهەمەکانت بەدی دەکرێت ئایا ئەمە سروشتی دەنگتە یاخود هۆگری دەنگی ئەوە ڕەنگدانەوەی بەسەر کارەکانتەوە هەیە؟**

- بە تەئکید من هوگری دەنگی ئەوم و کاریگەری دەنگی ئەویش بەسەر کارەکانمەوە بەدی دەکرێت، هەروەها ستایلی دەنگی من زۆر لەو ستایلەی ئەو گۆرانی پێ دەڵێت نزیکە.

*** لەگەڵ دەرکەوتنی تۆدا زوو بوویتە ناوێکی دیاری ناو هونەرو گۆرانی کوردی، لە کاتێکدا ئەو کاتە میدیا و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەو شێوەیەی ئێستا نەبوو ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کەوا تۆ کارتان لەسەر ئیحساسی خەڵك کردووە؟**

- ئەو کاتە کە ئێمە گۆرانیمان دەگووت لە ڕۆحەوە گۆرانیمان دەگوت ئەو کاتە گۆرانیمان بۆ ئەوە نەدەگووت کە پارەی پێی پەیدا بکەین ئێمە کەلوپەلی ماڵەکەی خۆمان دەفرۆشت بۆ ئەوەی گۆرانییەکی پێ تۆمار بکەین ئەو کاتە ئێمە کە گۆرانییەکمان تۆمار دەکرد پێش ئەوە راوێژمان بە یەکتر دەکرد کە تا چەند ئەمە ئەنجامی باشی دەبێت و خەڵکی ئاسوودە دەکات کەچی ئێستا وا نەماوە خەڵکی بۆ پارە و نازناو گۆرانی دەڵێت، هەروەها ڕکابەرییەکی نادرووست هەیە وایکردووە کەوا شتەکان وەك جاران جوان نەمێنێت و زۆر لە ئاواز و هونەری بێگانە ئێستا تێکەڵاوی هونەری ئێمە بووە، ئەمەش کاردانەوەیەکی خراپی لەسەر ئایندەی هونەری کوردی هەیە ئەنجامەکەی گێژاوێکە هونەری کوردی تیا وون دەبێت جاران دەمان گووت قەڵای مەریوان پاڵمان دا پێوە قەڵاکەم ڕووخا پاڵ بدەم بە کوێوە ئەو قەڵا هونەرییەی کە هەمان بوو ئێستا رووخاوە نازانم پاڵ بدەین بە کوێوە.

*** ماوەیەکی زۆرە لە هونەر داپڕاوی هۆکاری ئەم داپڕانە چییە؟**

-من ماوەی زیاتر لە چوارده ساڵ دەبێت لە ئەمەریکا ژیان دەگوزەرێنم ئەوەی پێی بڵێیت هونەری کوردی لەو وڵاتەدا نییە وەکو وڵاتانی ئەوروپا نییە کەوا هونەرمەند و ژنیارە کوردەکان زۆربەیان لەوێدا بژین، ئەمەش وایکردووە کەمن لە هونەر دابڕێم پێش ئەوەش شەڕی نەگریسی ناو خۆ و خراپی بژێوی خەڵك وایکردبوو کە پێت عەیب بوو بڵێیت گۆرانی دەڵێم، خۆشحاڵم ئێستا بەوەی کورد هەمووی تەبایە و بارو ژیانی کورد زۆر باشە و هونەرمەند بواری خزمەتکردنی هونەرەکەی بۆ ڕەخساوە .من هەرناتوانم دەست بەرداری هونەرەکەم ببم ئەگەر هەموو شەوێك گۆرانییەك نەڵێم ناتوانم ئەو شەوە بە ئاسودەیی بخەوم، بۆیە من هیچ کاتێك لە هونەر دانەبڕاوم

*** ئەی کەواتە ئێستا چ پڕۆژەیەکی هونەریتان لە بەردەستە؟**

هەندێك کاری هونەریم لەبەر دەستە ئەگەر بوارم بۆ بڕەخسێت ئەنجامیان دەدەم هەوڵ دەدەم پێش تەواو کردنی کارەکانم لەڕیگەی گۆڤاری گوڵانەوە پەیامی هونەری نوێم بە هەوادارانی گۆرانی کوردی بڵێم ئەگەر بەرهەمی نوێش تۆمار بکەم لە هەمان ئەو ستایلەدا کار دەکەم کە پێشوتر کارم لە سەر کردووە .

*** هەست دەکەیت تا ئەمڕۆش لە زاکیری خەڵکی سلێمانیدا ماویتەوە؟**

بە دڵنیاییەوە تا ئەمڕۆش لە هزر و بیری خەڵکی سلێمانی دا من ماومەتەوە،هەروەها دەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم من پێش ئەوەی بگەڕێمەوە ئەو پێشبینیەم نەدەکرد.

*** ماوەیەك دەنگۆی ئەوە هەبوو کەوا بەڕێزتان چوونەتە سەر بیرو باوڕای ئاینی جو ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

- نەخێر ئەم جۆرە قسانە زۆر دوورن لە ڕاستییەوە و هیچ ئەسڵ و ئەساسێکیان بو نییە، من زۆر جار لە ماڵەوە بە دەنگ خەریکی خوێندنی قورئانی پیرۆزم و بە نیازم بەرهەمێکی ئاینی بۆ مانگی ڕەمەزانی ساڵی داهاتو تۆمار بکەم.

**باوکم قەوانێکی هەبوو لە ماڵەوە گوێبیستی گورانییە رەسەنەکانی حەسەن زیرەک و عەلی مەردان و حەمە سالح دیلانی دەبوو من بەو گورانیانەوە عەشقی هونەر و گۆرانی کوردی بووم**

**ڕکابەرییەکی نادرووست هەیە وایکردووە کەوا شتەکان وەک جاران جوان نەمێنێت و زۆر لە ئاواز و هونەری بێگانە ئێستا تێکەڵاوی هونەری ئێمە بووە**